# تۆبەردەوام لەگەڵمدایت
# وەلیٚ ناتوانم بتبینم

زانا سامان/2005

نازانم..
هەرگیز بۆم ناخرێتە ڕستەوە
ئاخۆ.. فەنای ئۆقیانوسی
خەیاڵ بووم
یان بەگالیسکەی عومرەوە
بەرەو لوتکەی
میهرەبانیت هەڵدەزنێم،
ئەوە تۆیت
بەوپەڕی عەتفەوە
سلاٚوم لێدەکەیتو
بەژەنینێك سەدای دەنگم
دەشوبهێنی،
ئەوە منم
لەوێی مەنفاکەی خۆمەوە
لەمەملەکەتی خەیاڵو
ڕۆچوون بەوپەڕی پیریدا
یاری بەوپەنجە ناسکانە دەکەم
کەبە ئاراستەی سلاٚوێك.. تیشك ئاسا
شوشەی چاویلکەکەمی خاشکرد،
ئەوەتۆیت
لەقولاٚیی خەونە بزڕکاوەکاندا
دروود بۆ نیشتمانێك دەبەیت
کەمن نیمو
بەبیٚ منیش
ئالاٚی عەشقی تیاهەڵناکرێت
ئەوەمنم

هەمیشە بەیادی

شکانی شووشەیەکەوە

گویچم لەهاڕەی

ووردوخاشبوونی

دڵێکەو..

بەوپەڕی تەریقبوونەوەدا

تێدەپەڕم،

تۆبەردەوام لەگەڵ مندای

وەڵێ ناتوانم بتبینم..؟!

دەزانم..

تۆلەسەر تەریقەتی عەشقی..

کەچی من..

دەروێشانە

کتێبەکەی(زەرەشت) دەخوێنم،

لەمێژە عەودالی عەشقم

لەمێژە.. لەمێژە دەپرسیتو دەترسیت

ئیدی تۆمنیو

منیش لەوانەیە تۆبم

بەخێربێت.. شەهرەیار..بەخێر

تاهەمیشە

لەنێوان یەکتردا بسرەووین

خۆت تێکەڵی

خەیاڵم مەکە..شەهرەیار

تۆبەردەوام لەگەڵمدایت

بەهیوام بم دۆزیتەوە